# فیلمی ڕەنگی خوا

سەروەر محێدین قەرەداغی
(سلێمانی)

**فیلمی ڕەنگی خوا یەکێکە لە فیلمە بەناوبانگەکانی دەرهێنەری ئێرانی مەجیدی مەجیدی کە لە ساڵی ۱۹۹۹دا بەرهەم هێنراوە.**

"that is the question ،To be or not to be"
Hamlet by William Shakespeare

محەمەد: ئێرە چییە؟
باوک: درەخت، دارستان.
محەمەد: ئەو دوور دووره چییە؟
باوک: هەر دارستان (دیسان دارستان).

## دەرهاویشتە و لێکدانەوەی فیلم

لە دیمەنی یەکەمی فیلمەکەدا بۆمان دەردەکەوێت کە چیرۆکی فیلمەکە باس لە منداڵێکی نابینا دەکات (محەمەد) کە لە یەکێک لە قوتابخانەکانی شاردا دوور لە لادێکەیان و لەناو جەنجاڵیدا دەخوێنێت، قوتابخانەکە تایبەتە بە نابیناکان، فیلمەکە لە قوتابخانەکەی محەمەدەوە دەست پێدەکات و محەمەد دەیەوێت بۆ پشووی هاوین بگەڕێتەوە بۆ لادێ پڕ لە ڕەنگ و سروشتە سەوزەکەیان، لە دیمەن و دیالۆگەکاندا خویایە کە لەسەروبەندی کۆتایی ساڵدایە و قوتابییەکان خۆ ئامادە دەکەن و کەلوپەلەکانیان جیادەکەنەوە و نزیکبوونەوەی هاتنی باوک و دایکی قوتابییەکانە، دەبینین مامۆستاکەیان کاسێتە دەنگییەکانیان کە تێکەڵ بووە بۆیان جیادەکاتەوە و یەکە یەکە دەیانداتەوە و هەر یەکەیان بە گوێگرتنی کاسێتەکان هی خۆیان دەناسنەوە، دەنگێکی لاواز، بەڵام پڕ سۆزی پیرەژنێک دەبیسترێت

که لایلایه بۆ محەمەد دەکات، لەم کاتەدا محەمەد بە مامۆستاکەی دەڵێت کە ئەوە کاسێتی ئەوە و ئەو دەنگەش نەنکیەتی، هەر لەسەرەتاوە مەجیدی مەجیدی دەیەوێت پێمان بڵێت کە محەمەد دایکی نەماوە و نەنکی بەخێوی دەکات، دوایی خوێندنی دوا وانەیان کە وانەی نووسینە مامۆستاکەیان دەربارەی ڕووناکی پێیان دەنووسێتەوە (خۆر زەوی ڕووناک دەکاتەوە.) دواتر، لەدوای ئەوەی هەموو قوتابییەکانی هاوڕێی باوک و دایکیان دێن بە دوایاندا و دەڕۆن، محەمەد تەنیا دەمێنێتەوە، لەسەر یەکێک لە کورسییەکانی قوتابخانەکەی چاوەڕوانی هاتنی باوکی دەکات کە بیباتەوە بۆ لادێکەیان، دەنگی چۆلەکە و کەوتنە خوارەوەی بەچکە چۆلەکەیەک و نزیک بوونەوەی پشیلەیەک، محەمەد لە چاوەڕوانی باوکی ڕادەچڵەکێنێت و بەرەو ڕووی بەچکە چۆلەکەکە دەڕوات کە هیلانەکەی لەسەر دارەکەیەو کەوتووەتە خوارەوە، بەدوایدا دەگەڕێت و بۆ ئەوەی بیگەڕێنێتەوە هیلانەکەی خۆی و لە چنگی پشیلەکە ڕزگاری بکات.

یەکەم شرۆڤەی ئاڵۆزی دەروونی باوکەکە لەناو ئەو دیالۆگە کورتەدا دەردەکەوێت کە محەمەد و باوکی لە ناو پاسەکەدا دەیکەن کاتێک بەرەو لادێکەی خۆیان دەگەڕێنەوە،

محەمەد لە باوکی دەپرسێت:

محەمەد: ئێرە چییە؟

باوک: درەخت، دارستان.

محەمەد: ئەو دوور دوورە چییە؟

باوک: هەر دارستان (دیسان جەنگەڵ).

محەمەد هاوکات لەگەڵ پرسیارکردنەکەی لە باوکی، پەنجەی لە جامی پاسەکە دەدات و لێرەشدا هەوڵ دەدات بەدوای شتەکاندا بگەڕێت و تۆنی دەنگ و شێوە پرسیاری محەمەد وەک هەر منداڵێکی تر پڕە لە تامەزرۆیی زانین و گەڕان بەدوای ئەو شتانەی کە بۆ ئەو تازەن و هیچیان دەربارە نازانێت، بەڵام وەڵامەکەی باوکی محەمەد کە دەڵێ: (دارستان... هەر دارستان)، باوکی محەمەد لێرەدا تەنیا وەڵامێکی سادە ناداتەوە بە محەمەد کە بزانێت لەو دوورەدەستە جەنگەڵێک هەیە، بەڵکو لە ڕێگەی پەشۆکاوی و تەمتومان و کێشمەکێشی دەروونە وێرانەکەی و لە جۆری دەربڕینی وەڵامەکە و



ماتی و شێواوی کە لە دەموچاویدا بەرجەستە دەکرێت بینەر بەرەو شوێنە شاراوەکانی مانای جەنگەڵ دەبات، شوێنگەلێک کە بەئاسانی غەدری تێدا دەکرێت و خۆویستەکانی بەشەر لەم "جەنگەڵەدا کە دەکرێت دەروونی مرۆڤەکە خۆی بێت دەتوانن تراژیدیا بەرهەمبێنن. دەتوانرێت لە جۆری دەربڕینی باوکەکەدا جەنگەڵەکە وەک شوێنێک لە دەروونی مرۆڤدا کە سەرقاڵی شەڕکردنە لەگەڵ "خود" بۆ پێشگرتن لە تراژیدیا کە جارگەلێک مرۆڤ بۆ هەوڵی مانەوەی خۆی و خۆشبەختی خۆی دەیدات، لەم وەڵامەی ئەودا هاوکات قورسایی کێشە و نەهامەتییەکانی باوکی و هاوتەریب ترسێکی زۆر و بەتاڵاییەک لە دەروونی باوکدا بەرجەستەکراوە، جەنگەڵە دوورەدەستەکە وەک دەروون و خەیاڵی باوکی محەمەد هەڵگری ڕووداوگەلێکە کە بۆنی غەدر و ترس و تراژیدیای لێدێت. هەندێک شت لەناو جەنگەڵدا ڕوودەدەن کە شاراوەن و ئێمە نازانین کەی و چۆن ڕوودەدەن وەک دەروونی مرۆڤەکان کە ئێمە زۆربەی کات نازانین چییان لە هەگبەدایە.

مەجیدی مەجیدی لە ڕێگای پێشاندانی ئەم چەند دیمەنەی سەرەتایی فیلمەکەیەوە کۆمەڵێک زانیاری سەرەتایی لەسەر محەمەد دەدات بە بینەر، بۆ نموونە بینەر زوو تێدەگات کە محەمەد دایکی نییە و نابینایە و ترسی لەدەستدانی ئەو ماڵەی هەیە کە لە لادێکەیان هەیانە و ئەو زۆر دڵی پێخۆشە، هاوکات هەڵبژاردنی ڕستەیەکی وەک (خۆر زەوی ڕووناک دەکاتەوە) بەرکەوتنی یەکەم و هەرە بەهێزی بینەرە لەگەڵ لایەنی دەروونی تێکپڕژاوی محەمەد وەک نابینایەک، دەرهێنەر زۆر بە وەستایانە هەموو هەست و نەستی بینەر ڕادەکێشێت و هاوکات هەر

لەسەرەتاوە بینای شەخسیەتی محەممەدی نابینا دەکات، هاوتەریب لەگەڵ ئەمەش هەوڵی محەممەد بۆ ئەوەی بەچکە چۆلەکەکە بگێڕێتەوە بۆ ناو هێلانەکەی نیشاندانی دیوە شاراوەکەی ترسی محەممەدە لەوەی کە باوکی نەیەت بەدوایدا و هەڵوەدا و سەرگەردان بێت، ئەم ترسە زۆر بە جوانی و وەستایانە خزێنراوەتە ڕەفتار و جووڵە و بێدەنگییەکانی ئەم دیمەنە، ئەم ترس و دڵەڕاوکێیەی محەممەد لەوەی کە بەتەنیا بمێنێتەوە و لە باوەشی خێزانەکەی دووربخرێتەوە کە تەنیا دڵخۆشی و پەنای ئەون، هاوتەریبە لەگەڵ هەوڵەکانی باوکی محەممەد کە هەر لەسەرەتاوە بینەر بۆی دەردەکەوێت کە ئەو باوکە حەز ناکات محەممەد لێی نزیک بێت و هەوڵی دوورخستنەوەی دەدات، تەنانەت ختووکەی ئەوەی کە لەناوی بەرێت بیرکردنەوەی باوکی محەممەد داگیردەکات، ئەمەش هەمووی لەپێناوی ئەوەی کە بتوانێت ژن بهێنێتەوە و محەممەد وەک بەربەستێک بۆ ژیانی خۆی دەبینێت، هەر بۆیە لەسەرەتادا داوا لە مامۆستاکانی محەممەد دەکات کە لەلای خۆیان گلی بدەنەوە و بەخێوی بکەن، جگە لەمەش دواتر لە گەڕانەوەی بۆ لادێکەیان دەیەوێت لەناوی بەرێت، پاشانیش داوا لە وەستایەکی دارتاشی نابینا دەکات کە بیکات بە شاگرد لای خۆی و هەرلەوێش بژی، بۆ ئەوەی خۆی بتوانێت ژن بهێنێت و کەس پێی نەڵێت کە کوڕێکی کوێری هەیە نەبادا قبوڵیان نەبێت، بۆیە کاتێک باوکی دەیباتە لای دارتاشەکە و لەوێ بەجێی دێڵێت محەممەد دەگری و گفتوگۆی خۆی و مامۆستاکەی بۆ وەستای دارتاشەکە دەگێڕێتەوە.

ڕەنگی خوا چیرۆکی بینین و نەبینینە، چیرۆکی دەستەکانی محەممەد کە دەبینن و چاوەکانی کە نابینن، چیرۆکی گەڕان بەدوای خوادا، لەڕێگای گەڕانی پەنجەکانی محەممەدەوە بەناو سروشتدا، مەجیدی مەجیدی وەک شایەتحاڵێک کە بەردەوام بە دوای محەممەدەوە و لەچاوی ئەوەوە چیرۆکێکی ڕاستەقینەمان پیشان دەدات و بۆمان دەگێڕێتەوە، بەڵام نەک لە "دووچاوە ئاساییەکانی محەممەدەوە، بەڵکو لە"چاوی دڵی "محەممەدەوە، دەتوانین بڵێین چیرۆکی ئەم فیلمە باس لە پێوەندی محەممەدی نابینای هەستیار دەکات لەگەڵ سروشتدا و گەڕانی بەدوای خوادا، یەکێک لە دیمەنە هەرەجوانەکان کە تێیدا سروشتێکی جوان و دوورەدەست لە شوێن و مەکانی"ئەوانی تر" کە چاوساغەکانن، شوێنی پیاوە دارتاشە نابیناکەیە، باوکی محەممەد دەیەوێت محەممەد لەخۆی دووربخاتەوە و فێربوونی دارتاشیش بیانوویەکی باش بوو بۆ ئەو، چونکە ئیتر محەممەد دەبێت لەوێ بژی.

محەممەد ئەمە دەزانێت، هەموو غەمگینیەکانیشی بۆ ئەمەیە، ئەم شوێنە پڕە لە نزیکایەتی لە ڕوحی سروشت، دار و ئاو و گژوگیا و با و دەنگە دەنگی باڵندەکان و جووڵەی گەڵاکان و خوڕەی ئاوەکە هەژمونی زاڵن لە گرتەکەدا، تەنانەت دیالۆگی هەرە بەهێز و بەرز لەم شوێنەدایە، کە دارتاشەکە یەکەم وانەی دارتاشی فێری محەممەد دەکات، گریانی بەکوڵی تێکەڵ بە دەنگەکانی سروشت دەبێت، گەڕانی محەممەد وەک مامۆستاکەی پێی دەڵێت بەدەست لێدانە، کاتێک فرمێسکەکانی دێنە خوارەوە دیالۆگی خۆی و مامۆستاکەی بۆ وەستا دارتاشەکەی دەگێڕێتەوە: (محەممەد: خوا ئێمەی خۆش ناوێت. مامۆستا: خوا نابیناکانی زیاتر خۆش دەوێت. محەممەد: ئەگەر خوا ئێمەی خۆش بویستایە نابینای نەدەکردین بۆ ئەوەی ببینین. مامۆستا: خوا نابینرێت خوا هەستی پێ دەکرێت ئەو لە هەموو شوێنێک هەیە بەدەستەکانت بەدوایدا بگەڕێ دەتوانی بەدەست ببینیت. محەممەد: (من هەموو شوێنێک دەگەڕێم تا دەستم بەری دەکەوێت و ببینم بۆ ئەوەی هەموو شتێکی پێ بڵێم، تەنانەت هەموو ئەوەی کە لەدڵیشمایە )، ئەم دیالۆگە ئاستی هەرەبەرزی پڕ لە گرێوگۆڵی دەروونی منداڵێکی نابینایە و هەوڵە سادە و پاکەکانیەتی بۆ گەیشتن بە خوا بۆ ئەوەی حاڵی خۆی بۆ شەرح بکات. ئەم دیمەن و دیالۆگە ئەوەندە خۆرسک و ڕەسەن و سادەیە کە لە بیرەوەری هەموو جۆرە بینەرێکدا تا ئەبەد دەمێنێتەوە، ئەم دیالۆگە لەبەر ئەوە گرنگ نییە کە پرسێکی دێرینەی فەلسەفی و باوەڕی ئایینی دەورووژێنێت، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە زۆر خۆرسکانە دەردی دڵی منداڵێکی نابینا و جیهانبینینی و هەوڵەکانی ئەم منداڵە بۆ گەیشتن بەخوا بەرجەستەکراوە، "چی وتن" گرنگە، بەڵام گرنگتر لەمە دیلۆز وتەنی"چۆن وتن"ـە، بەتایبەت لە جیهانی سینەمادا، لە ڕێگەی پەنجەکانی محەممەدەوە بەردەوام بینەر بەر گەڕان بەدوای جوانی دەکەوێت، بە جۆرێک ئەم گەڕانە بەرجەستە دەکرێت کە لە هەموو بەرکەوت و دەست

لێدانەکانی محەمەد وا هەست دەکات بینەر محەمەد لە دەستکوتانەکان و دەست لێدانەکانی دەیەوێت خوا بدۆزێتەوە لەناو هەموو جوانییەکاندا، بۆ نموونە: محەمەد هەمیشە دەست لێدانەکانی بۆ قسەکردن و جوانناسی دەروونییەتی، نەک وەک نابینایەکی ئاسایی بیەوێت بزانێت لەکوێیە و چی لەبەر ڕێیدایە، یان شتەکانی دەوروپشتی چین، بەڵکو لە چۆنیەتی دەوروبەری دەگەڕێت، دەستەکانی دەگێڕێت و کامێرا و گۆشەنیگاکانی زۆر ئاشنان بە شوێن، وەک ئەوەی لە زۆربەی دیمەنەکانیدا ئێمە هەست بە چاوی خودی کامێرا ناکەین هێندەی چاوی کارەکتەرەکان POV وەک ئەو دیمەنەی کە محەمەد بەناو باخەکەدا دەڕوات دەست بەسەر سەوزاییەکاندا دێنێت کە ئەم دیمەنە لێکدراو و تەواوکەری هەمان دیالۆگە کە مامۆستاکەی پێی وتووە (دەتوانیت خوا بەدەستەکانت ببینیت.)، بۆیە بەرجەستەکردنی ئەم دیمەنە تەنێ وەک دەست لێدان لە سەوزایی نییە لەلایەن محەمەدی نابیناوە، بەڵکو بەرکەوتنەیەک و هەوڵێکی محەمەدە بۆ گەڕان بەدوای خوا و جوانیدایە (دیمەنی دەست لێدانی لە بەچکە چۆلەکەکە، دیمەنی کردنەوەی دەستی لەهەوادا لەناو پاسەکەدا، دیمەنی دەست لێدانی لە دەموچاوی خوشکەکەی، دیمەنی دەستگرتنی نەنکی، دیمەنی کاتێک لە قەراغ دەریاکە یاری بە لمی دەریاکە دەکات، یان لەو کاتەی کە باوکی دەیباتە لای وەستا دارتاشەکە کە ئەویش نابینایە و دەست لە دەستی محەمەد دەدات و پێی دەڵێت (چەند دەستێکی باشت هەیە، ئەم دەستانە پێم دەڵێن دەتوانن کاری باش بکەن)، ئەم دیمەنانە هەموو دەتوانرێت وەک هەوڵی گەڕان و بەرکەوتنی محەمەد بێت بە جوانییەکان، کە خواش لای ئەو وەک جوانییەک هەستی پێ دەکرێت.

لەگەڵ هەموو ئەم دیمەنە قوولانەدا دەنگی باڵندەکان هەیە، بەتایبەت دەنگە تایبەتییەکەی ئەو باڵندەی محەمەد لە تەنیاییەکان و ترس، تەنانەت خۆشییەکانیشدا دێتە گوێی، ئەم تێچنی دەنگی باڵندەیە زۆر بە هۆشیارییەوە کراوە و گرێدراوییەکی زۆری بە دەروون و ڕوحی محەمەدەوە هەیە، لەخۆڕا و بێ بیرلێکردنەوە نییە، دەست لێدان و لەمس و جووڵەی پەنجەکانی بەردەوام و ئەم دەنگی باڵندەیە زۆرترین پانتایین کە سەرنجی بینەر ڕادەکێشن.



دەست نرخێکی سینەمایی "Cinematographic هەیە لە هەموو گرتەکاندا و مەجیدی بە ئاگاییەکی زۆرەوە ئەم گرنگییەی بە دەستەوە داوە."

دوادیمەنی محەمەد و نەنکی (عەزیز) لەگەڵ خوشکەکەیدا کە جوانترین دیمەنی فیلمەکەی مەجیدییە، ئەو دیمەنەی کاتێک خەریکی کۆکردنەوەی هێلکەکانن، کامێرا زۆر نەرم و لەسەرخۆ وەک سەماکەرێکی باڵێ دیمەنەکە تۆمار دەکات، بەجۆرێک دەستی خوشکە بچکۆلەکەی محەمەد پیشان دەدات کاتێک هێلکەکە دەداتە دەستی محەمەد و ئەویش دەیداتە دەستی نەنکی و نەنکیشی دەیخاتە ناو سەبەتەی هێلکەکانەوە، کە حەز بەتەواوبوونی دیمەنەکە ناکەیت، لەم دیمەنەدا هەست بە پەیوەندییەکی پڕ لە چێژ و خۆشی نێوان ئەم سێ مرۆڤانە دەکەیت، کە لە ڕێگای گواستنەوەی دیمەنی هێلکەکانەوە بۆ بینەر دەگوێزرێتەوە، لەبەر ئەوەی دەرهێنەر بەردەوام هەوڵی ئەوەی داوە کە وێنەکان لە ڕوانگە و تێداژیانی محەمەدەوە بۆ بینەر بگوێزێتەوە، بۆیە دیمەنەکان ڕاستەوخۆ لەسەر بینەر ئاسەوار جێ دێڵن و زۆر جار دەرهێنەر پێویستی بە دیالۆگ و قسەکردن نییە بۆ ئەوەی بتوانێت چیرۆکەکە بگەیەنێت، دیمەن خۆی حیکایەتەکە دەگەیەنێت، دابڕانی محەمەد لە نەنکی دوای ئەم دیمەنەیە کاتێک نەنکی دەڕوات بۆ فرۆشتنی هێلکەکان محەمەد بەجێ دێڵێت، دوا داوای محەمەد لە نەنکی ئەوەیە کە ئەویش بچێت لەگەڵیدا، دوای ئەوەی نەنکی ڕازی نابێت، محەمەد وەک ئەوەی بزانێت تەنیا دڵسۆز و خۆشەویستی عەزیزە (نەنکی)، بۆیە پێی دەڵێیت (باشە بەس زوو وەرەوە)، ئاسایشی دەروونی محەمەد نەنکیەتی. بەرۆشتنی عەزیز باوکی محەمەد وەک ئەوەی

خۆی مەلاس داوە تا عەزیز بڕوات و محەمەد دەبات بۆ لای وەستا دارتاشەکە. لەم دیمەنەدا کە ڕوخساری باوکی محەمەد دەردەکەوێت خاوەنی ئەو دەنگەی وەک گورگ ئاسا زوو زوو دەهات لە دەروونی باوکیدا ئێستا گورگەکە خۆی دەرکەوت کە خۆویستی باوکی محەمەدە.
دیمەنی هاتنەوەی عەزیز دیمەنێکی ئێجگار کاریگەرە لە ڕووی شوێن و دەنگ و ڕووناکی و نواندنی عەزیزەوە: بایەکی ترسناک هەڵدەکات و شوێن چۆڵ، گریانی عەزیز کامێرا لە پشتەوە جووڵەی شانەکانی عەزیزمان پێشان دەدات کە دەگری، دەنگی با و دەنگی شەپۆلی دەریا لە دوورەوە هەموو ئەمانە پێمان دەڵێت عەزیز پەشیمانە لە بەجێ هیشتنی محەمەد لە دیمەنی پێشوودا، تەنیا هۆی مانەوەی عەزیز لە ماڵەکەدا بوونی محەمەد بوو، ئیدی ئەو باوکی دووری خستەوە و عەزیزیش دەبێت بڕوات.
دەرهێنەر زۆر وەستایانە دیمەنی تەقینەوەی ئازارە دروونییەکانی محەمەد کاتێک بۆ وەستا دارتاشەکەی شەرحی دڵی و گلەییەکانی خۆی لەخوا بۆ ئەو دەکات بە دیمەنی ماڵی باوکی محەمەد دەبەستێتەوە، کاتێک عەزیز دەیەوێت ماڵ بەجێ بێڵێت، دیمەنگەلێکی غەریب و ترساو لە هی محەمەد بە دەنگی باکە و دەنگی باڵندەکان، هی نەنکیشی بە خوڕەی باران و تاریکی.
نەنکی دوای دابڕانی لە محەمەد بڕیاردەدات ماڵەکە لە ڕۆژێکی باراناویدا بەجێ بهێڵێت، مەجیدی لێرەدا و لە گەرمەی بردنی بینەر بەرەو تراژیدیا بینەر ئامادەدەکات بۆ ئەوەی هۆگری هەبێت، تەنانەت بۆ سەبەبکاری تراژیدیاکە کە باوکی محەمەدە، بە دیالۆگێک و شەرحی دڵێک کە تا ئەو کاتە ڕایگرتبوو باوکی محەمەد ئازارە دەروونییەکانی و تێکڕووخانەکانی خۆی بۆ دایکی باس دەکات و دەست دەخاتە سەر برینەکانی خۆی، بەڵام عەزیز لە بڕیارەکەی پەشیمان نابێتەوە و هەر دەڕوات، لەڕێگە ماسییەک دەبینێت لەقەراخ ئاوەکە هەڵیدەگرێتەوە و دەیخاتەوە ناو ئاوەکە، ماسییەکەی بۆ ناو ژیان گەڕاندەوە، بەڵام بە ئاماژەیەک کە کەوتنی تەوقەکەیەتی کە محەمەد لە شارەوە بەدیاری بۆی هینابوو بینەر ئامادەکرێت بۆ ڕووداوێکی تراژیدی کە پێوەندی بە محەمەدەوە هەیە. دیمەنێکی تر کە ئاماژە و هێمان بۆ ڕوودانی تراژیدیا دیمەنی ڕیش تاشینەکەی باوکی محەمەدە، بەر لە هەر شت دیمەنی بەر لەم دیمەنەی ڕیش تاشینەکەی باوکی محەمەد دیمەنێکی یەکجار زۆر دڵڕفێن و سەمیمی و ڕوون و هارمۆنیکی هەیە، کە دیمەنی محەمەد و نەنکی لەناو سروشتدا، لە ڕێگەی قسە سادە و دیالۆگ و پرسیارە سادەکانی محەمەد و وەڵامەکانی نەنکی دەرهێنەر جیهانێکی بۆ خوڵقاندووین، کە حەزدەکەین تەواو نەبێت و ژیان جوان و سادە و ڕوون وەک ئەم دیمەنە سەوزە: ڕوح و دەروونی سەوز و خاوێنی محەمەد و نەنکی پەلکێشمان دەکات، کەچی دیمەنی دوای ئەمە دیمەنێکە کە هەر لە چرکەساتی یەکەم دەرکەوتنی باوکی محەمەد کە کامێرا لە بەرزاییەوە بەرەو خوارەوە شۆڕدەبێتەوە و وێنەی تەمومژ و تاریک و ناڕوون و دەنگەکان لەو شوێنەدا پەلکێشی ناو مەترسییەک و دڵەراوکێمان دەکات، تەنانەت یەکەم دیمەنی سەیرکردنی باوکەکە لە ئاوێنەکەدا تەمومژاوی و لێڵە، هەموو جووڵە و وێنەی ئەم دیمەنە بەشێوەیەکی بیر لێ کراوە و زۆر بەوردی ئیشی تێداکردووە، مەجیدی بۆ ئەوەی ئاسەواری ترس لەناو دەروونی بینەریش بەجێ بێڵێت وەک دەروونی باوکی محەمەد، کاتێک باوکی محەمەد دەست بە ڕیش تاشین دەکات یەکسەر دەنگە بارگاویبوو بەترسەکە دێتە گوێی و ئەوەندە دەترسێت کە ئاوێنەکەی لە دەست بەردەبێتەوە و بە گوێزانەکەی دەستی خۆی بریندار دەکات، کاتێک ئاوێنەکە هەڵدەگرێتەوە دیمەنی پارچەپارچەبووی دەمووچاوی باوکە دەبینین لە ئاوێنە شکاوەکەدا کە حیکایەتی پەرتەوازەیی دەروونی و شەڕە دەروونییەکانی ئەو لەگەڵ "خود"ەکانی ناوەوەی کە بەردەوام لە شەڕدان بەرجەستە دەکات، شکاندنی ئاوێنە لە زۆر لە نەریتەکان و کولتوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاماژە و هێمایەکە بۆ ڕوودانی تراژیدیا، هەرچۆنێک بێت ئەم دیمەنە دیمەنی هەرە کاریگەر و بەهێزە بۆ نیشاندانی ترسی باوکی محەمەد لە ختووکە و هەراوهوریاکانی شەڕی خۆویستییەک کە لەناوەوەدا خەریکە دەیخوات.
دیمەنێکی تر، لە دیمەنێکدا کاتێک عەزیز لەماڵەوە دانیشتووە و لەناکاو سەیری پەنجەرەکە دەکات هاوتەریب مەجیدی دیمەنی محەمەدمان پێشان دەدات کە لە نزیک دارتاشخانەکە نان بە مراوییەکان دەدات، واتە عەزیز هەمیشە هەست و بینینی لای محەمەدە، کاتێکیش ڕوحی دەردەچێت محەمەد دەبینێت، محەمەدیش بەچاوی

دڵی و بەرکەوتە ڕوحییەکانی هەست بە ڕۆیشتنی دەکات، کاتێک عەزیز دەمرێت، محەمەد بەدەنگی ئەو باڵندەیەی هەمیشە بەئاگای دێنێتەوە ڕادەچڵەکێت و قسەی بۆ دەکات، دوای مردنی نەنکی ئیدی محەمەد هیچ کات داوای ئەوە ناکات بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە.

دوای چەند ڕۆژێک لە مردنی نەنکی، باوکی محەمەد بڕیار دەدات محەمەد بگەڕێنێتەوە بۆ ماڵەوە، کە دواجار و لە دوا دیمەنە کۆتاییەکانی فیلمەکەدا محەمەد بەسواری ئەسپەکەی باوکییەوە و باوکی ئەسپەکە ڕادەکێشێت بەسەر پردێکدا دەڕۆن و لەناوکاو پردەکە دەڕووخێت و محەمەد و ئەسپەکە دەکەونە ناو ئاوەکەوە، سەرەتا باوکی هیچ هەوڵێک نادات بۆ ڕزگارکردنی، بەڵام لەپڕ گورگەکەی ناو خۆی دەکوژێت کە دەنگی لە زۆربەی ئەو دیمەنانەدا دەهات، کە دەیویست کارەساتێک بەسەر محەمەد بێنێت. خۆی هەڵدەداتە ناو ئاوەکە و شەپۆلەکان بەدوای محەمەددا دەیبەن تا دواجار هەردووکیان لە کەناری ئاوەکە دەگیرسێنەوە و دەنگی ئەو باڵندانەی کە هەمیشە محەمەد دەیدواندن باوکی خەبەردەکاتەوە و بەرەو لای محەمەد دەڕوات و تابێت دەنگی باڵندەکان زیاد دەبێت و دەنگی گورگەکەی ناو دەروونی باوکی چیتر نابیسرێت و لەگەڵ دەنگی باڵندەکاندا ڕووناکی لە دەستەکانی محەمەد دەدات و پەنجەکانی وەک پێشتر کە لەگەڵ دەنگی باڵندەکاندا دەیجووڵاند بۆ ئەوەی بزانێت ئەوان چی دەڵێن و لە زمانی ئەوانەوە درێژە بە گەڕانەکەی بەدوای خوادا بدات. دیمەنی ڕووناکبوونەوەی دەستی محەمەد بە جۆرێک کە دەڵێی خۆر لە پێستی خزاوە دیمەنی ئەوپەڕ ماجیک ڕیالیزمبوونی فیلمەکەیە، دیمەنێک کە دەتوانرێت وا لێک بدرێتەوە کە محەمەد لەمسی خوا دەکات لە ڕووناکبوونەوەی دەستیدا.

ژانری ئەم فیلمە دراما، خێزانییە و مەجیدی بەشێوەیەکی ماجیک ڕیالیستی کاری تێدا کردووە، واتە لەم فیلمەدا دیالۆگ کەمە و زیاتر چیرۆک و ناوەڕۆکی چیرۆکەکە بە وێنە و کۆدی زمانی دەگێڕرێتەوە و لە ڕێگای نیشاندانی ئاو، دەنگی باڵندە، ماسی، دەنگی با...تاد پێوەندییەکی خێرا و ڕاستەوخۆ لەگەڵ بینەر دروست دەکات، بەجۆرێک کاریگەری دەخاتە سەر بینەر کە هاوکارمان دەبێت زیاتر تێگەیشتن لە چیرۆکەکە وەک لە دیمەنی محەمەد لەگەڵ نەنکیدا کاتێک بەناو



باخچەکاندا دەڕۆن و گوێی لەدەنگی باڵندەکان دەبێت و بە نەنکی دەڵێت: ئەوانە لەگەڵ یەکدا قسە دەکەن. محەمەد بەدرێژایی فیلمەکە بە بیستنی دەنگی باڵندەکان لە ڕێگای پەنجەکانییەوە هەوڵدەدات لێیان تێبگات، لەسەرەتاوە تا کۆتایی فیلمەکە دەنگی گورگەکەی دەروونی باوکی محەمەد هەیە و لە یەکەم گوێ لێ بوون بینەر بەرەو ترسێک دەبات کە کارەساتێک بەڕێوەیە.

زمان لەم فیلمەدا زمانێکی سادە و لۆکاڵییە، زمانی گوندێکی دوورەدەستی شارە و زمانێکی نەرم و لەسەرخۆیە، لەگەڵ سروشت و دیمەنی لادێکەدا هارمۆنی هەیە. بەگشتی لەم فیلمەدا دەنگ زۆر بە وردی کاری تێدا کراوە و بچووکترین دەنگمان گوێ لێ دەبێت، وەک ئەوەی کە ئێمە لە ڕێگەی لەمسەکان و گوێی محەمەدەوە فیلمەکە ببینین، دەنگ زۆر سمبۆلیکە. شوێن لە فیلمەدا لادێیەکی دوورە دەستە و مەجیدی بۆ نواندن لە فیلمەکەدا سوودی لەخەڵکی ئەماتۆر وەرگرتووە، بۆیە هەست بە پێوەندییەکی ڕاستەقینە و ڕاستگۆیانە دەکەین لە نێوان کارەکتەر و ماتریاڵەکانی دەوروبەریاندا. گێڕانەوە لەم فیلمەدا والایە، کە کۆتایی چیرۆکەکە بەشێکی بۆ بینەر بەجێ دێڵێت. لەم فیلمەدا وێنە ڕۆڵی سەرەکی گێڕانەوەکەیە و لەڕێگای وێنەوە بینەر دەتوانێت بەدوای چیرۆکەکەدا بڕوات، دیمەنەکانی محەمەد هەمیشە دیمەنگەلێکن جوان و پڕ ڕەنگن، دیمەنەکان زۆر گرێدراوی کەسایەتییەکانن و لایەنی دەروونیان پیشان دەدات، دیمەن زۆر گرێدراوەی زمانە کۆدییەکەیە کە دەنگی باڵندەکان و دەنگی گورگەکەیە. هەرکاتێک چیرۆکەکە بەرەو ترس و کارەسات دەڕوات و باوکی محەمەد پیشان دەدرێت، دیمەنەکان تێکدەچن و جوانییان نامێنێت. جووڵەی

کامێرا لە دیمەنەکانی هزری محەمەدەوە دیمەنی وەستاو و جێگیرن و بینەر زیاتر بێجگە لە چیرۆکی فیلمەکە تابلۆیەکی هونەری پڕ ڕەنگیش دەبینێت. دواتر لە دیمەنی باوکی محەمەددا کامێرا جوولەی تەمومژاوی و ناجێگیرن و بێڕەنگن کە لە دەروون و بیری باوکی محەمەد نزیکن. ڕەنگ لەم فیلمەدا زۆر تێرە و هەموو دیمەنەکان پڕن و شادن وەک بەهارە سەوزی. مەجیدی ئەم کارەشی وەک ئەوانی تری ستایلێکی فیلمی سینەمای ئێرانی هەیە ڕیالیزمییە و گەڕانی محەمەد لە ڕێگەی دەستەکانییەوە بۆ بەرکەوتنی خوا هێمایەکە بۆ دەرخستنی تێما و کارکردنی سۆفیانە لەم فیلمەدا. مەجیدی نرخی سینەماگرافیکی دەست لەناو دیمەنەکاندا زۆر گرێدراوی شوێن و لە ئاستێکی زۆر بەرزدا ئیشی تێدا کردووە.

لە کۆتاییدا دەمەوێت بڵێم کە هیچ دیالۆگێک و دیمەنێک بەزۆر نەخزێنراوەتە ناو فیلمەکەوە، بەڵکو دەرهێنەر زۆر بەهۆشیارییەوە تەونی چیرۆکەکەی چنیوە، وەک تابلۆیەک کە تەنانەت سێبەرێک، بەتایبەت بچووکترین دەنگ لە فیلمەکەدا جێگای لێوردبوونەوە و تاووتوکردنە و ناکرێت پشتگوێ بخرێن، هەروەک دێلۆزی فەیلەسووفی فەرەنسی لەسەر هونەری فیلم هەڵوەستە دەکات و بە وتەی ئەو فیلم کاتێک ئارتێکی نەمرە و دەبێتە ئارت کە هەموو ماتریاڵ و ئەلمێنتەکان بەهۆشیارییەوە دووبارە ببنەوە لە وێنە و گرتەی جیاوازدا و کۆی ئەم دووبارەبوونەوانە پرس و چیرۆکی فیلمەکە پێک دەهێنن. پارادۆکسێکی گەورە و بەرچاو لە ڕێڕەوی فیلمەکەدا هەیە، ئەویش جوانترین و دڵڕفێنترین دیمەنەکانی سروشت هاوتەریب لەگەڵ دنیای تاریک و بێدەنگی محەمەد کە جیهانبینییەکی جوان و بەرکەوتنێکی جوانی هەیە لەگەڵ ئەو جیهانە ماتریاڵەی کە ئەو خۆی بەچاو نایبینێت، بۆیە بەرکەوتنی ئەو بەجیهانی دەرەوەی خۆی زۆر ڕوحی و ئۆرگیناڵە و لە ڕێگەی دەستەکانییەوەیە، ئەمەش وای کردووە مرۆڤ پەلکێشی شوێنە قووڵەکانی دەروون بکات، شوێنگەلێک کە بەچاو نا، بەڵکو بە ڕوح و خەیاڵ و لەمس دەبینرێت.

**سەرچاوەکان:**

**http://www.imdb.com/name/nm0006498/**
**A Grammar of the film**
**by Raymond spottiswoode**

**http://www.sheilaomalley.com/?p=62737**
**The Color of Paradise (1999); Dir. Majid Majidi | The ...**
**www.sheilaomalley.com**
**Expect Spoilers. A little blind boy named Mohammad sits on a bench outside his school in Tehran. It is the beginning of summer vacation and parents from all over Iran ...**